# چیرۆک نووس مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق

# لە شاری سلێمانی بە نەخۆشیی کۆچی دوایی کرد



ئێوارەی دوێنێ 2011/6/8  هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای چیرۆک نووس (محەمەد نوری تۆفیق)مان بیست، کە لە شاری سلێمانی بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد.

خوالێخۆش بوو نوسەرێکی دێرین و رۆژنامەنووسی بەتوانا و سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو.

مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق، لەدایکبووی ساڵی 1934، گوندی هەکزی ناوچەی هەمەوەندی چەمچەماڵە، تەمەنی لاوی و خوێندنی سەرەتایی لەو شارۆچکەیە تەواو کردووە و پاشان بووە بە مامۆستا. لەسەرەتای ساڵانی پەنجاوە، دەستی بە نوسین و بڵاوکردنەوە کردووە، سەرەتا لە گۆڤاری هەتاو و هیوا و ڕۆژی نوێ دا نوسینەکانی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی 1970 ەوە سەرنوسەری گۆڤاری دەنگی مامۆستا بووە، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە و بۆ ماوەی زیاتر لە25  ساڵە لە بواری رۆژنامەنووسیدا کاری کردووە و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە و لە کۆتایی ساڵانی 1960 ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی رزگاری بووە، تا پێش کۆچی دوایی راوێژکاری سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە.

مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق لەماوەی چەند مانگی رابردوودا تووشی نەخۆشی بوو بوو، سەردانی ئەڵمانیای کرد بۆ چارەسەر، بەداخەوە تا دەهات باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو تا سەرەنجام لەشەوی (2011/6/9\8) گیانی پاکی سپارد و تەمەنی درێژی بۆ منداڵ و بنەماڵەکەی و کوردەواریی بەجێهێشت.

**مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق لەبواری ئەدەب و بەتایبەتیش چیرۆکدا ناوێکی دیاری حەفتاکان و هەشتاکانی رەوتی چیرۆکی کوردی بوو و وەرگێڕی چەندین چیرۆك و بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویی و رووناکبیرییە.**

**وەک خۆی دەڵێت: من وەك مامۆستایەکی دێرین و کەسێکی تارادەیەك شارەزا، لەبواری خوێندن و پەروەردەو یەکێك لەو مامۆستایانەی نزیکەی 30 ساڵ لەو بوارەدا کارم کردووە، کە لەکوردستان و چەند شارێکی خوارووی عێراقیش و لە چەند قوتابخانەدا وەك بەڕێوەبەر، یاریدەدەر و مامۆستا ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتیم بینیوە.**

**مامۆستای خوالێخۆشبوو کە سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی و سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش بوو، هەروەها سەرنوسەر گۆڤاری سلێمانی بووە و هەر بە تەنیا نووسەر و رۆژنامەنووسێکی نیشتمانپەروەر و مامۆستایەکی پێشکەوتنخواز نەبوو، بەڵکو تێکۆشەرێکی دێرین و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی خۆشەویستی ناو خەڵک و هاورێکانیشی بوو.**

**بە ناوی سایتی خامەی نوسەرانەوە لە هۆڵەندا، بەم بۆنەیەوە، سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و لقی سلێمانی سەندیکا و گۆڤاری سلێمانی و ستافی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین.**

**سایتی خامەی نوسەران**

**لە هۆڵەندا**